## نامەیەکی کراوە بۆ سەرۆکی عیراق و سەرۆکی کوردستان ... ماڵی کەرکوک بۆ مافەکان

سڵاویکی کوردایەتی بۆ هەردوو پێشمەرگەو خەباتگێری رێگای رزگاری کوردایەتی بەرێزان لای هەمۆان ئاشکرایە بۆ یەکەم جارە لە مێژووی کوردا ئازادیەکی وا بێتە کایەوە ئەمەش بەخەباتی دەیان ملیون کوردو بە خۆینی سەدان هەزار شەهید دەسکەوتەکان هاتۆتە کایەوە نەك لایەن وحزبێك. بۆ پاراستنی ئەم دەسکەوتە ئەم ئازادییە پێویستیمان بە ئازادی کورد بۆ کوردە ئیمە ئازاد بووین لە ژێر دەسەڵاتی دیکتاتوری و دوژمناندا نابێت بکەوینە ژێر دەسەڵاتی دیکتاتوری تاکەکانی نێو ئەحزابی کوردیەوە بەشێکی خەباتی نەتەوایەتیمان وەدەست هیناوە بەشەکەی تری لە کەرکوکدایە بۆ ئەم کارە پێرۆزە دەبێت هەڵسۆ کەوتی تاکەکانی ئەحزابی کوردی کوردانە بێت بە تایبەتی هەردوو حزبی گەورەی ناۆ کوردستان پێمان وانیە هەردوو ئێوەی بەرێز بێ ئاگا بن بەڵام بەراستی دەسەڵاتی حزبی و ئیداری ناو کەرکوك کە سەر بە هەردوو حزبن راستیەکان دەشارنەوە لێتان وە ئیوەی بەرێزیش زۆر جار چاۆ پۆشی دەکەن لێیان ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەو کێشەو تەکەتولانەی ناۆ تاکەکانی حزبەکانتان لە راستیدا ئێمە نامانەوی ئەو هەمۆ کیشانە بخەینە رۆ لە بەر بەرژەوەندی کورد تا بزانین گۆرانکاریەکان چۆن دەبێت ئەوەی راستی بێ گەندەڵی سیاسی حزبی کۆمەلایەتی ئیداری وە گەندەڵی عەقلیەتی حزبی دەسەڵاتدارانی کەرکوك خەتەری دووا رۆژی هەیە ئیمە نامانەوی کێشەکانی ساڵی 1959 دوبارە ببێتەوە هەر بۆیە. ئێمە پێشنیاری ئەوە دەکەین دەسەڵاتی کەرکوك بدریتە دەستی خەڵکی کەرکوك پیاوانی کونە بەعسی و کۆنە موستەشارەکان دەسەڵاتیان پی نەدریت نوینەرەرانی ئەنجومەن و پەرلەمان لە سەر کەرکوك بە زۆری لە ئاستی ئەو کارەدا نین کە دامەزراون پێویست بە گۆران دەکات چاکتر وایە هەمۆیان لە یەك تەکەتولدا نەبن با عەقلیەتی نۆی دەست بەکار بێ نۆینەرانیش نۆینەری دەسەڵاتداران نەبن بەلکۆ نوینەری کورد بن بە گویرەی ژمارەی دانیشتوانی کەرکوك نوینەرەکان لە پەرلەمانی عیراق و کوردستاندا دیاری بکرێت

( (ماڵی کەرکوك بۆ مافەکان) ) m_karkukQhotmail. com